# ئەمریكا دالدەی تیرۆریستان ئەدات!

محسن كريم

ماوەیەكە مەسەلەی وازهێنانی صدام حسین لە دەسەڵاتو جێهێشتنی عێراق بوەتە بابەتی زۆربەی دەزگاكانی راگەیاندن. سەرەتا خاوەنیئەم فكرەیە نادیاربوو، بەڵام دواتر دەركەوت كە خاوەنەكەی خودی ئەمریكایە. سەرەتا لە زمانی وەزیری بەرگری ئەمریكاوە وەكو پێشنیاری "شەخسی" بۆ سەرۆكی عێراق خرایە روو تا لەم رێگایەوە پێش بە رووداونی شەر بگیرێت، لە هەفتەی رابردووشدا جارێكی دیكە لە زمانی وەزیری دەرەوەی ئەمریكاوە تەئكیدی لیكرایەوە، لەوەش واوەتر وەزیری دەرەوە ئەوەی را گەیاند كە ئەمریكا شوێن بۆ صدامو خێزانەكەی دابین دەكات ئەگەربیەوێ عێراق بەجێ بیلێت!ئەمانە لە كاتێكدا دەوترێ كە ئەمریكا هەموو رۆژێم بە موناسبەو بێ موناسەبە لە زاری سەرۆكو بەرپرسانی پایەبەرزی خۆیەوە تەئكید لەوە دەكات كە صدامو رژێمەكەی چەكی كۆمەلكوژی قەدەغەكراوی حەشارداوەو بریاری ١٤٤١ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەككرتوەكان پێشیل دەكاتو پەیوەندی بە تۆری تیرۆریستی القاعدەوە هەیەو، دەبێ بە چەك لە چەك دابمالرێ، بۆ ئەم مەبەستەش پەیتا پەیتا هێزو كەرەستەی سەربازی دەنێرێتە ناوچەی كەنداوو فشاریش بۆ وڵاتانی دەوربەری عێراق دێنێت بۆ كردنەوەی دەروازی سنورەكانیان لەبەردەم سوپاكەیدا بۆ چوونە ناو عێراقەوە ! بریارە هەر خودی وەزیری دەرەوە لە سەرەتای مانگی شوباتدا بەلگەكانی ئەمریكا دەربارەی بوونی چەكی كۆمەلكوژ كە تیمەكانی پشكنین نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە، بخاتە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش. هەر لەم رۆژانەشدا لە ووتاری ساڵانەی جۆرج بۆشدا كە مەبەستی بنەرەتی وتارەكەی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەلویستی فەرەنساو ئەلمانیاو باقی وولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بوو كە دژی رێگاچارەی شەرن دژیعێراق، صدامی بە تیرۆریست ناوبرد و ئەوەی راگەیاند كە جەنگ دژی تیرۆر تەنها بە جەنگ دژی بنلادنو القاعدەوە ناوەستیتەوە، وە ووتی صدام حسین تیرۆریستە، تیرۆری خەلكەكەی خۆی و دراوسیكانی كردوەو خەترە بۆ ئەمریكاو. . تاد. بەڵام زۆری نەخایاند لە راگەیاندنێكی دیكەیدا دوای ئەو وتارە ووتی كە ئەویش پێی باشە صدام عێراق جێ بهێلیت وەكو رێگاچارەی روونەدانی شەرەكە!

هەلبەت هەر لە سەرەتای جەنگیّ بەناو دژی تیرۆرەوە، بزووتنەوەی ئیمە كۆمۆنیزمی كریكاری، ئەوەمان راگەیاندوە كە ئامانجی ئەم شەرە دژایەتی تیرۆر نییە، بەلكو جەنگی دوو قوتبیتیرۆرە، جەنگی قوتبیتیرۆری دەولەتی ئەمریكاو ناتۆیە لەلایەكەوە لەگەڵ قوتبی تیرۆری ئیسلامی لە لایەكیدیكەوە، وە ئەوەشمان راگەیاند كە ئەمریكا لە رێگای ئەم جەنگەوە، كە رووداوی تیرۆریستی ١١ی سیپتیمبەر ئەو فرسەتەی دایە دەستی، ئەیەوێ هەژمونیو دەسەڵاتیخۆی بەسەر دنیادا دابسەپێنێو ئامانجە تەواو نەكراوەكانی جەنگی كەنداو تەواو بكات، ئەوەشمان راگەیاند كە قوناغی دووەمی جەنگەكەی ئەمریكا دوای تالیبانو ئەفغانستان عێراق دەبێت. ئیستا ئەم لیكدانەوەیە لە هەموو كاتێك زیاتر دروستیو حەقانیەتی خۆی نیشان داوەو ئەوەش ئاشكرابوە كە كیشەی عێراق بۆ ئەمریكا شتێكی زیاتر نییە لە بیانوویەك بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە ستراتیژییەی لە ئاستی جیهانیدا.

ئەگەر مەسەلەی بوونی چەكی كۆمەلكوژو پێشێلكردنی بریاری ١٤٤١ توانای شەرعیەتدانی بەشەرەكە نەبیتو ئەنجومەنی ئاسایش قانع نەكات ئەوا مەسەلەی پەیوەندی نیوان رژیمی بەعسو رێكخراوی القاعدە، یان ناوبردنی صدام بە تیرۆریست ئەو بیانویە كە ئەمریكا بە دەستیەوەی دەگرێت بۆ شەرعیەتدان بەشەرەكەی. بەڵام گالتەجاری پروپاگەندەكەی ئەمریكا لەویدا دەردەكەوێ كەهەرخۆشیان ئامادەن دالدەی ئەم تیرۆریستە بدەنو شوێنی ئارامی بۆ پەیدا بكەن ئەگەر دەست بەرداری دەسەڵات بیتو عێراق جێبهێلیت! بە مانایەكیدیكە ئەمریكا ئامادەیە لەبەرامبەر جێبەجێبوونی ئامانجە سیاسیەكەیدا، لە جیاتی شەرو كوشتارو خەرجكردنی ملیاردها دۆلارو زویركردنی دۆستەكانی ناو ئەنجومەنی ئاسایشی، بە وازهێنانی صدامو جێهێشتنی عێراق بۆ ئەمریكا، رازی بیتودەستیش لە دادگایكردنی " صدامی تیرۆریست"هەلگریت! و تەنانەت مافی پەنابەریشی بۆ دابین بكات.

گومان لەوەدا نی‌یە کە صدام حسین‌و رژیمەکەی لە روانگەی خەلکی‌عیراقەوە تاوانبارن، دەسەلآتەکەی شەرعیەتی نی‌یەو سەرکردەکانیشی دەبیت لە دادگای جەماوەردا دادگایی بکرین بەرامبەر بە زیاتر لە ٣٠ سال سەرکوت‌و داپلۆسین‌و کوشتاری خەلکی ئازادیخوازو زەحمەتکیشی عیراق وکوردستان، بەلآم ئەوەش گومانی تیدا نی‌یە کە لە روانگەی ئەمریکاوە هەموو ئەو کەس‌وهیزو دەولەتانە تیرۆیستن کە دژی بەرژەوەندی ئەمریکان‌و لەگەلیدا نین، بۆیە هەموو ئەو دەولەتە کۆنەپەرست‌و سەرکوتگەرو هیزو تاقمە مافیایی‌یانەی لایەنگری ئەمریکان لە چەشنی رژیمی درندەو سەرکوتگەری ئیسرائیل‌و بزووتنەوەی یۆنیتاو تاقمە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان‌و خودی تالیبان‌و القاعدەی پیش ١١ی سیپتیمبەرو.... تاد. "دیموکرات‌و پاریزەری مافی مرۆڤو..."ن! بۆیە شتیکی ئاسایی‌یە کە صدامی خوینریژو بکوژی خەلکی عیراق ئەگەر گویرایەلی ئەمریکا بیت، ئاوی‌پاکانە دەکریت بە دەستی سوربەخوینی ئازادیخوازانی عیراق‌و کوردستاندا!! ئەوەی راستیشە هەروایە، ئەمریکا هەمیشە پشت‌و پەنای رژیمە سەرکوتگەرو عەسکەرتاری‌و ریکخراوو دەستەو تاقمە مافیایی‌و کۆنەپەرست‌و تیرۆریستەکان بووە، تەنها لە کاتیکداو لەلایەن ئەو هیزانەوە وەکو پشت‌و پەنای دیموکراسی ومافی‌مرۆڤ پروپاگەندەی بۆ دەکریت، کەئەمریکا دوای ئەوەی کە وەکو سەکردەی براوەی جەنگی سارد بەهاو پیوانە سیاسی‌و فکری‌و ئابوریەکانی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاند، بووە قیبلەنمای ئەو هیزانەی کە تادوینێ قیبلەیان رووی لە رۆژهەلات بوو! بە نیسبەت ئەمرکیاوە کۆمۆنیستەکان‌و ئازادیخوازان و هەلسوراوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی تیرۆریستن! بەلآم تیررۆیستانی ئیسلامی‌و سەرکردەکانی جەنگ لە ئەفغانستان کە دژی سۆڤیەت‌و حکومەتی سەربەسۆڤیەت دەجەنگان موجاهید بوون‌و کۆمەکی بێ‌دریغ ئەکران! کاتیك ئەوانیش لە بازنەی ئەمریکا خلیسکانە دەرەوە، تالیبان و القاعدە بونە موجاهیدی تازەو بە لیشاو کۆمەکی پارەو چەك‌و ئیمکاناتی لۆجستیکی ئەمریکی‌و پاکستانی‌یان بۆ رەوانە دەکرا...تا ئەوکاتەی ئەمانیش پێیان دریژ نەکردو پەلاماری ئەمریکایان نەدا لە ناوخۆیەوە، هیچ پەلەیەکی "تیرۆر" ئەمریکی لەسەر سومعەیان نەبوو! هەر ئەم رژیمە درندەیەی بەعس کاتیك پیشی بە لیشاوی پان ئیسلامیزمی ئیرانی گرت لە شەری عیراق_ئیراندا نەك رشتنی گازی کیمیایی و ئەنفالکردنی خەلکی‌کوردستان‌و کوشتاری خەلکی ئازادیخوازی عیراق مووچرکیکی بە ویژدانی "ئینساندۆستی‌و دیموکراسیخوازی" ئەمریکادا نەهینا، بەلکو تەکنۆلۆژیای پیشکەوتووی ئەمریکا خرایە خزمەتی سەرکەوتنی جەنگی قادسیەی صدامەوە لە دووایین ساتەکانی کۆتایی هاتنی جەنگەکەدا!

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلآم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلآویدەکەینەوە..... لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣